# الجانب السلبى في الامثال الكردية من منظور النقد الاجتماعي

م.ى. عبدالله محمد خالد
قسم اللغة الكردية/شقلاوة، كلية التربية، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان_ العراق.
Abdulla.khalid@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: العادات والتقاليد، الامثال الكردية، الجانب السلبي، النقد الاجتماعي، الوعي

**كيفية اقتباس البحث**

خالد , عبدالله محمد , الجانب السلبى في الامثال الكردية من منظور النقد الاجتماعي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# الجانب السلبى في الامثال الكردية من منظور النقد الاجتماعي

# The Negative Aspects of Kurdish Proverbs from the Perspective of Social Criticism.

**Asst. Lect. Abdullah Mohammed Khalid**

**Department of Kurdish Language, College of Education/Shaklawa**

**Salahaddin University-Erbil ,Kurdistan-Iraq**

**Abdulla.khalid@su.edu.krd**

**Keywords** : Kurdish Proverbs, Negative Aspects, Social Criticism, Awareness

**How To Cite This Article**

Khalid , Abdullah Mohammed , The Negative Aspects of Kurdish Proverbs from the Perspective of Social Criticism. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/)**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**ملخص**

يُعدّ الأدب الشفاهي جزءًا مهمًا من ثقافة الشعب الكردي، وله دور فاعل في الحفاظ على الهوية الكردية واستمراريتها، ويمكن النظر إليه بوصفه سمةً خاصة والفارقة للثقافة والهوية القومية. فالأدب الشفاهي في كل مجتمع وأمة يُعدّ جزءًا أساسيًا من مكوّناتها الثقافية، ويجسّد مجموعة من الأفكار والرؤى والتجارب الاجتماعية التي تعبّر عن حياة ذلك المجتمع. ويُعدّ المثل الشعبي نتاجًا فولكلوريًا وتراثيًا، نشأ من أفكار الأولين وتصوراتهم، وتبلور في خضم المجتمع؛ لذلك فهو غني بالموضوعات والقيم الاجتماعية والثقافية والعادات والتقاليد المرتبطة بحياة المجتمع الكردي.

تتكون هذه الدراسة الموسومة بـ (الجانب السلبى في الامثال الكردية من منظور النقد الاجتم اعي)

من مبحثين. تناول المبحث الأول مفهوم المثل، وشكله، ومضمونه، وخصائصه. أما المبحث الثاني، فقد تناول، بالاعتماد على منهج النقد الاجتماعي، الجوانب السلبية في قسم من الأمثال الكردية وتحليلها.

وتسعى الدراسة إلى الكشف، من منظور نقدي، عن عدد من القضايا الثقافية والاجتماعية والعادات والتقاليد، وأنماط تأثيرها في وعي الفرد كما تتجلى في الأمثال الكردية. كما تحاول توضيح كيفية تأثير بعض الأمثال الكردية، على الرغم من كونها جزءًا من التراث الثقافي والتاريخي للمجتمع الكردي، تأثيرًا سلبيًا في وعي الفرد الكردي وطريقة تفكيره، نتيجة ما تحمله أحيانًا من أفكار وقيم وتصورات اجتماعية قديمة.
يقتصر هذا البحث على قسمٍ خاص بالأمثال.
أهمية البحث: استنادًا إلى مصادر متعلقة بالفلكلور والأمثال والثقافة والتقاليد والوعي، يُبين هذا البحث كيف تؤثر بعض الأمثال الكردية سلبًا على الوعي الفردي.
هذا البحث وصفي نقدي، قائم على منهج النقد الاجتماعي.

**Abstract**

Oral literature (Orature), as part of the Kurdish nation's culture, is one of the crucial elements that contributes significantly to preserving Kurdish identity. It can be observed as a unique and distinctive characteristic in both cultural and ethnic terms, since the oral literature of any society or nation is considered a ent of that nation's culture and has its own distinctive features. core compon Kurdish proverbs, as folklore products and part of our heritage, represent the intellectual product of profound insights and cultural observations accumulated emerged from the heart of Kurdish society to over many generations. Having serve it, they are closely tied to its cultural topics, customs, and traditions.

This research paper, titled (The Negative Aspects of Kurdish Proverbs from the Perspective of Social Criticism)ections. In the first section, consists of two s the proverbs, their content, features and specific characteristics are discussed. The second section uses a social critique approach to examine the negative critical aspects of selected Kurdish proverbs. This article aims to present a collection of cultural, social, and traditional topics and to perspective of a highlight the aspect of individual awareness in Kurdish proverbs. Furthermore, certain Kurdish proverbs may negatively influence it aims to answer how duals' awarenessKurdish indivi.

The limit of this paper is a section on proverbs.

Importance of the research: Based on sources related to folklore, proverbs, culture, traditions and consciousness, this research presents how some Kurdish proverbs have a negative impact on individual consciousness .

This research is a descriptive-critical research, based on the method of social criticism.

## لایەنی نەرێنی لە پەندی کوردیدا لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە

م.ی. عبدالله محمد خالد

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Abdulla.khali@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەدەبی زارەکی وەك بەشێك لە کولتووری گەلی کورد، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە پاراستنی ناسنامەی کورددا هەیە. کە دەتوانرێت وەك سیمایەکی تایبەت و جیاکەرەوەی

فەرهەنگی و نەتەوەیی لێی بروانین، چونکە ئەدەبی زارەکی هەر کۆمەڵگەو نەتەوەیەك وەکو پێکهاتەی سەرەکی کولتووری ئەو نەتەوەیە سەیر دەکرێت و سیمای تایبەت بەخۆی هەیە. پەندی پێشینانیش کە بەرهەمێکی فۆلکلۆری و کەلەپووریەو زادەی بیر و هەڵقوڵاوی هزر و تێڕوانینی پێشینانە، لەبەرئەوەی بۆ کۆمەڵگەیە و لەناو جەرگەی کۆمەڵگەش سەریهەڵداوە، بۆیە لێوڕێژە لە کۆمەڵێك بابەتی کولتووری و دابونەریتی پەیوەست بە کۆمەڵگەی کوردی. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لایەنی نەرێنیٚ لە پەندی کوردیدا لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە)، لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا: باسی پەند و ڕوخسار و ناوەڕۆك و تایبەتمەندییەکانی کراوە. لە بەشی دووەمیشدا، بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی باسی لایەنە نەرێنییەکان پەندی کوردی کراوە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات بەدیدێکی ڕەخنەییەوە کۆمەڵێك بابەتی کولتووری، کۆمەڵایەتی، دابونەریت، لایەنی هۆشیاری تاك لە پەندی کوردیدی بخاتەروو. هەروەها وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوە، کە چۆن بەشێك لە پەندی کوردی کاریگەری نەرێنی دەخەن سەر هۆشیاریی تاکی کورد.

**کلیلە وشە:** دابونەریت، پەندی کوردی، لایەنی نەرێنی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی .

**پێشەکی:**

پەندی پێشینان، بەرهەمێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆرییە، کە بەرهەمی خەڵکە و خاوەنێکی دیاریکراوی نییە و بە موڵکی هەموو میللەت دادەنرێت. لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکییەوە خاوەن تایبەتمەندی و سیما و چەند ئەدگارێکی تایبەت و دیاریکراوی خۆیەتی، هەر ئەمەش وایکردووە کە جیاوازبێت لە بەشەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆر. لەبەرئەوەی پەند لەناو جەرگەی کۆمەڵگە هەڵقووڵاوە و گەشەی کردووە بۆیە هەڵگری هەموو ڕەهەند و لایەن جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە ڕابردوودا، هەروەها کاریگەریشی لەسەر ژیان و هۆشیاری کۆمەڵگەی هاوچەرخیشدا هەیە. ئەگەرچی لە زمان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا گەلێك توێژینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی پەندی کوردی ئەنجامدراوە، بەڵام بەشی زۆری توێژینەوەکان تیشکیان خستووەتە سەر لایەنە ئەرێنییەکانی پەندەکان و وەك ئامرازێك بۆ ئامۆژگاری و بەرزکردنەوەی بەها ئاکارییەکان لێیان کۆڵیوەتەوە، لە کاتێکدا بەپێی ئەم گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هاتۆتە ئاراوە، بەشێك لە پەندەکان کاریگەریی نەرێنی لەسەر بیرکردنەوەو هۆشیاریی تاك جێدەهێڵن. بۆیە ئێمە لە توێژینەوەکەماندا بە چاوێکی ڕەخنەییەوە سەیری بەشێك لە پەندەکان دەکەین. توێژینەوەکەشمان لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا: تیشکمان خستۆتە سەر چەمك و تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان لەڕووی رووخسار و ناوەڕۆکەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی پەندی پێشینان لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە. لە بەشی دووەمیشدا: بەشێوەیەکی پراکتیکی لایەنە نەرێنییەکانی پەندی کوردی لەسەر هۆشیاری تاکی کورد باسکراوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (لایەنی نەرێنی لە پەندی کوردیدا لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە)، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانی پەندی کوردی.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەشێک لە پەندی پێشینان.

**گرنگی توێژینەوەکە :** بە پشت بەستن بەسەرچاوەکانی تایبەت بە فۆلکلۆر، پەند، کلتور، دابونەریت و هۆشیاریی ئەم توێژینەویە ئەمە دەخاتەروو، کە چۆن بەشێك لە پەندی کوردی کاریگەری نەرێنی دەخەنە سەر لایەنی هۆشیاریی تاك.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفی – ڕەخنەیی)یە، بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.

## بەشی یەکەم

### ١,١ لەبارەی پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان، لایەنێکی سەرەکی و گرنگی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆرە، هەروەکو لە زاراوەکەدا هاتووە (واتا پەندو ئەزموون وەرگرتنی ئێمە لە پێشینانان لەوەی، کە لە ژیانیاندا بەسەریانداهاتووە، واتا بەسەرهاتێك، ڕووداوێك بەسەر پێشیناندا هاتووە و کەسێك ئەو ڕووداوەی لە چوارچێوەی رستەیەکی کورت و پوخت دارشتووە و لە کات و بەسەرهاتی هاوشێوەدا بەکاریانهێناوەتەوە) (سەجادی،١٩٥٢:١٠٧). هەر بەم شیوەیەش بەناو خەلکدا بڵاوبۆتەوە و بەشێوەیەکی زارەکی نەوە دوای نەوە گێڕدراوەتەوە و بەزیندوویی ماوەتەوە. پەندی کوردی وەك چەمك، بەپێی ناوچە کوردنشینەکان چەندین ناوی جیاجیای هەیە، بۆ نموونە: (پەندی پێشینان، قسەی پیشینان، قسەی یاڤان، مەسەلەو مەتەڵۆك)(زرار،٣٢:٢٠١٤). بەڵام ئەوەی لە توێژینەوە زانستییەکان و سەرچاوە ئەدەبییەکاندا بەکاردێت، بریتییە لە پەندی پێشینان. تاکو ئێستاش چەندین شارەزا و پسپۆڕ، کەسی هۆشیار و ئاوەزمەند بە شێواز و بیرکردنەوەی خۆیان پێناسەی پەندیان کردووە و ڕای خۆیان لەبارەیەوە دەربڕیووە. مامۆستا عەلائەددین سەجادی گووتویەتی،(پەندی کوردی چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیر و باوەڕیان، چ لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چ لەباری ڕەوشتی خێزان و کەین و بەینی ژیان، چ لەبارەی دەوڵەمەندی و هەژاری و پایەی دونیاییدا پیشان ئەدەن).(سەجادی،١٣٩١:١٣٩) بەگوێرەی ئەم ڕایەی (عەلائەددین سەجادی)، پەند کۆی کایەکانی ژیان لەخۆدەگرێت و هیچ بابەتێك نەماوەتەوە کەوا نەکەوتبێتە ناو بازنەی پەندەوە. (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)، کە بە یەکەمین کەس دادەنرێت، کە وەك قوتابییەکی کورد بەشێکی نامە زانستییەکەی بۆ باسی فۆلکلۆر تەرخانکردووەو دەڵێت: ( پەندی پێشینان بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك. ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یان خراپ، هەموو گەیشنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەرچییەك بێت، دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە.)(ڕەسووڵ،٢٠١٠:٨٦). پەندی پێشینیانی کورد بەشێکی بە نرخی سامانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە، کە لە (ئەنجامی تاقیکردنەوەی یەك لە دوای یەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دێتە بوون، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەند دەکات) (شێمێت،٢٠٠٩:٤٣). بۆیە فۆلکلۆری کوردیی و هیچ نەتەوەیەکی دیکە خاڵی نییە لە پەند و وەك ژانرێکی سەرەکی بەنرخ لە ئەدەبییات سەیر دەکرێت، کە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی لەڕووی (مێژوویی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری، ئاینی)، گرتۆتەوە.

سەبارەت بە مێژووی پەندی کوردیش، ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی درووست مێژووەکەی دیاریبکەین، لەبەرئەوەی پەندەکان بەشێوەیەکی زارەکی گواستراونەتەوە و لەسەرەتادا بەنووسین تۆمارنەکراون، بەڵام دەتوانرێت بەپێی ناوەڕۆکی پەندەکان، قۆناغبەندی بۆ پەندەکان بکرێت بە مەبەستی دیاریکردنی سەردەمەکەی. بۆنموونە کاتێك دەڵێین: **(ژنێکم ئەوێ ژنانە، پێستە بکا بە هەمانە)**(خاڵ:١٨٧) لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەردوو وشەی (پێست، هەمانە) وەك نیشانەیەك بەدیاردەکەون دەتوانین بڵێین: ئەم پەندە بۆ سەردەمی سەرەتایی، ئاژەڵداری و پێش هاتنەکایەوەی پیشەسازیی دەگەڕێتەوە. لە سەردەمانێکدا کەوا پێستەی ئاژەڵ خۆشکراوەو بۆ زۆر مەبەست بەکارهاتووە. هەندێك پەندیش هەن گوزارشتن لە قۆناغ و سەردەمی هاتن و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردەواری. کاتێك گوتراوە: **(هەتا تاڵی نەبینیت، خۆشی نابینیت)** (خاڵ:٤٢٦). ئەم پەندە ڕەنگدانەوەی ئەم ئایەتەیە (فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (٥) إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا(٦))(الشرح)، کە هەردووکیان ئاماژە بەهاتنی خۆشی دەدەن دوای هەموو ناخۆشی و سەختییەك.﴿ ئەم پەندەش بە هەمان شێوەیە، **(ناعیلاجی حەرام حەڵاڵ دەکا)**(خاڵ:٣٩٨). لەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز وەرگیراوە، (إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِۦفَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾)(النحل: ١١٥). قۆناغێکی دیکە لە پەندی کوردی، بریتییە لە قۆناغی کۆمەڵگەی خێزانی و پیاو سالاری و جیاوازی ڕەگەزی، هەروەك لە ناوەڕۆکی ئەم پەندانەدا بە ڕوونی دیارە، **(ژن تا نەزێ بێگانەیە)**(خاڵ:١٨٥).**(ئەوی کردی بە قسەی ژنێ دەستی داوە لەوێ گوێ)**(خاڵ:٥٣). ناوەڕۆکی

پەندەکانی ئەم قۆناغە گوزارشتن لە دیاریکردنی ڕۆڵی پیاو وەك سەرۆکی خێزان، هێشتنەوەی ژن لە ماڵەوەو بە کەمتر سەیرکردنی بەرامبەر بە پیاو. دواتر قۆناغێکی نوێ لە پەندی کوردی دێتە پێشەوە، کە ئەویش قۆناغی گۆڕانی بیرکردنەوەو سەردەمی کۆمەڵگەی نوێیە، لەم قۆناغەدا پەندە کۆنەکان لەگەڵ بەها نوێیەکان لە ڕووی (ئازادی تاك، یەکسانی، مافی مرۆڤ، خویندن و زانست) بەرامبەر یەکتر دەوەستنەوە. ئەم بەریەککەوتنەش پرسیارێکی نوێ دێنێتە ئاراوە، کە ئایا هەموو پەندێکی پێشینان لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاریی تاکی هاوچەرخدا هاوتەریبە؟ لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە.

**٢,١ ڕووخسار و ناوەڕۆکی پەندی کوردی:**

لە ڕووی شێوە و دارشتندا، زۆربەی جار پەندی کوردی لەچوارچێوەی یەك ڕستەی کورتدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەکو ئەم پەندانە: **(پەتی درۆ کورتە)**(محمد:٦٥)، **(سەفەر سەنگی مەحەکە)**(خاڵ:١٩٨)، **(قسەی حق ڕەقە)**(محمد:٢٢١). پەندەکان لە تاکە ڕستەیەکی کورت پێکهاتوون، کە بە مەبەستی ئامۆژگاری و هۆشیاریی بەکارهاتوون. بەشێك لە پەندی دیکەش لە شێوەی پەخشانێکی ڕەوان خۆیان بەیان دەکەن، هەروەك لەم نموونانەدا دیارە، **(براو براژن تێریان خواردو پاڵیان داوە خوشکیش بێ شیو سەری ناوە)**(گەلاڵی:٤٠٩)، (سەیرە ئەو دنیا پان و بەرینە، هەرکەس کاری خۆی لەلا شیرینە)(خاڵ:١٩٩)، **(ئەگەر پشیلە حاکم بێت ئەوا هەموو مشکێك تاوانبارە)**(هەمزەیی:٣٥). ئەم پەندانە پەندی درێژن و لە ڕستەیەك زیاتر پێکهاتوون. هەندێ پەندی دیکەشمان هەن، کە لەشێوەی کورتە دێڕێك، یان دوو کورتە دێڕی شیعردا خۆیان دەبیننەوە. هەروەك ئەم پەندانە، **(دوژمن بەچاکە ئاشت دەبێتەوە سەهۆڵ بەئاوی گەرم ئەتوێتەوە)**(سالەحی:٣٣٥)، **(خوویەکی گرت بەشیری تەرکی ناکا بەپیری)**(خاڵ:١٤٠)، **(لووت بەرز مەبە لە ئاستی زەوی ، چەندی بژی خۆراکی ئەوی)**(هەمزەیی:٤٤). بوونی سەرواو دووبارەکردنەوی چەند دەنگێك لەم پەندانەدا، ئاوازێکی بە پەندەکان بەخشیووە، کە ئەمەش وایکردووە پەندەکان ئاسانتر لەبەربکرێن و دەماودە و نەوە دوای نەوە بگوازرێنەوە.

لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، پەندی کوردی هەڵگری ناوەڕۆکێکی بەرزو بە پێزە، کە زادەی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانێکی سادەیە. ناوەڕۆکی پەندە کوردییەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی قۆناغە جیاوازەکانی کوردە. بەشێوەیەکی گشتی قۆناغبەندی ناوەڕۆکی پەندی کوردی بەپێی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان ڕەنگدانەوەی سێ قۆناغە، کە بریتیین لە (قۆناغی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، قۆناغی هاتنی ئایینی ئیسلام، قۆناغی گۆڕانی بیرکردنەوە). پەندی کوردی لەهەریەکێك لەم قۆناغانەدا بۆ مەبەست و پەیامی جیاواز بەکارهاتووە. بۆ نموونە: لە قۆناغی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا، ناوەڕۆکی پەندە کوردییەکان گوزارشتن لە (گرنگی کار و ماندووبوون، کشتوکاڵ و بەرهەم، ئاژەڵداری، باران و سروشت)، هەروەك لەم پەندانەدا دیارە. **(بزن کە ئەجەلی هات نانی شوان دەخوا)**(خاڵ:٨٢)، **(ئەگەر مەڕم نەدییێ لە هەرێزا، پشقلم دیوە لە پەرێزا)**(خاڵ:٣١)، (ئەگەر **سەگ نەبێ گورگ ئەتخوا)**(خاڵ:٣٠)، **(باران بباریێ ئاشم ئەگەڕێ، باران نەباریێ جووتم ئەگەڕی)**(خاڵ:٥٩). پەندەکان لەناو بازنەی کشتوکال و ئاژەلداریدان، بەهۆی ئەوەی، کە دەستدانە کشتوکاڵ و ئاژەڵ ماڵیکردن لەسەرەتای پلەی کۆمەڵایەتیی مێژوودا نزیکی یەکن. بۆیە ناوەڕۆکی پەندەکان ئاوێنەی ژیانی سادەی لادێن دوور لە شارستانیەت. بەشێك لە پەندی دیکەی کوردییمان هەیە، کە بە تەواوی شەقڵی قۆناغی موسڵمانبوونی میللەتی کوردی تێدایە. ئەگەر سەرنجی ئەم پەندانە بدەین، **(ناعیلاجی حەرام حەڵاڵ دەکا)**(خاڵ:٣٩٨)، **(مزگەوت ڕووخایە میحرابی مایە)**(محەمەد:٢٠٨)، **(بانگی محەمەد بەئاشکرا خۆشە)**(خاڵ:٧١)، **(چاکە استخارەی ناوێ)**(خاڵ:١٥٢). بەهۆی زاراوەو چەمکەکانی (حەرام، حەڵاڵ، مزگەوت، میحراب، استخارە، بانگی محەمەد)، بە شێوەیەکی ڕوون دیارە، کە لە داڕشتنی پەندە کوردییەکاندا سوود لە وشەکانی ناو قورئان و زاراوە ئاینییەکان وەرگیراوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئەو قۆناغەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بووە. دوای ئەو قۆناغە،


مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

قۆناغێکی دیکە دێتە پێشەوە، کە قۆناغی گۆڕانی بیرکردنەوەو گۆڕانی ناوەڕۆك و پەیامی پەندی کوردییە. ئەو ماوەیە پەند تەنیا ئامرازێك نەبووە بۆگواستنەوەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە، بەڵکو بیرکردنەوە، هۆشیاریی، ڕەخنە، پرسیارکردن لە دابونەریتە کۆنەکانی زیاتر تێدا دەرکەوتووە. بۆیە لە بەشێکی زۆری پەندەکاندا دژیەکی و بەریەککەوتنی واتا ڕوودەدات لەگەڵ پەندەکانی قۆناغەکانی دیکە. ئەو هۆکارانەشی لە پشت هاتنە کایەوەی ئەو قۆناغە بوون، بریتیبوون لە فراوانبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەرەسەندنی خوێندن و نووسین، پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە، گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەگەر سەرنجی ئەم پەندانە بدەین: (**قومارچێتی هەمیشە پەشیمانی لەدوایە**)(گەلاڵی:٢٩٥)، (**شارستانی قیروسیایەکی لادێیی بەسە**)(خاڵ:٢٠٤)، (**قەیسەری لێبووە بە کونە مشك**)(خاڵ:٢٢٠)، (**ئەڵێی بازاڕی شێخ هەمزەیە**)(خاڵ:٣٤)، (**بزانە زانست لە کوێ هێلانەی کردووە**)(خاڵ:٨١). دەبینین، زاراوەو چەمکەکانی (قومار، شارستانی، قەیسەری، بازاڕ، شێخ، زانست)، کە هەڵگری پەیامی پەندەکانن پیشاندەری ژیانێکی شارستانی و پیشکەوتووترن لە ژیانی لادێ. لەبەر ڕۆشنایی ئەم دابەشکردن و قۆناغبەندییەی ئێمەدا، نابێت ئەوە بخوێندرێتەوە کە هەموو پەندەکانی قۆناغێك تەنیا لەسەر ئەم بابەتانە بوون کە ئاماژەمان پێکردوون، لەبەرئەوەی پەند بەشێوەیەکی زارەکی گواستراوەتەوە، زۆرجار پەندێك دەتوانێت لەچەند قۆناغێکدا بەکاربهێنرێت. کەواتە: قۆناغبەندییەکەی ئێمە، بەپێی ڕەنگدانەوەی سەردەم و زاڵبوون و ناوەڕۆکی پەندەکانە، نەوەك مێژووی سەرهەڵدان و هاتنە ئاراوەی هەر پەندێك.

### ٣,١ تایبەتمەندییەکانی پەندی کوردی:

پەندی کوردی، یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی ئەدەبی زارەکی کوردی، کە وەك هەر ژانر و دەقێکی ئەدەبی دیکە لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە خاوەن سیمایەکی دیاریکراوی خۆیەتی. هەر ئەو سیمایانەش بوونەتە هۆکاری جیاکردنەوەی لە بەشەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆر. پەندی کوردی کۆمەڵێك ئەزموون و دانایی و بیرکردنەوەی پێشینانی کۆمەڵگەی کوردی لەخۆدەگرێت. کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانەوانی و هونەریشی هەیە، بۆیە بە ئاسانی لەبەرکراوە و نەوە دوای نەوە گواستراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە لە هەموو بەشەکانی دیکەی فۆلکلۆری کوردی زیاتر کۆبکرێتەوە و چاپ بکرێت. ئەگەرچی (بەشێکی زۆر لە پەندەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات هاوبەشن و لەیەکتر دەچن، ئەمەش هەر بەوە لێکدەدرێتەوە کەوا ژیانی ئەو گەلانە لە زۆر دیمەنیدا لەیەك دەچێت لە ڕووی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە)(ڕەسووڵ،٨٩:٢٠١٠). سەرەڕای ئەم لەیەکچوونەش، پەندی کوردی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، کە بریتیین لە:

**١,٣,١ کورتی و پوختی لە داڕشتندا:** لە پەندی کوردیدا زۆرجار توانراوە بە ڕستەیەکی کورت واتایەکی قووڵ و مەبەستێکی فراوان دەربڕدرێت. بەشێکی پەندەکان هەڵگری گەورەترین پەیامی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیین، بوونەتە یاسایەك بۆ ژیان. هەروەك ئەم پەندانە، (**بەرد ئەکا بەئاو**)(خاڵ:٧٥)، (**بەدەرزی بیر هەڵناکەندرێ**)(خاڵ:٦٥)، (**ئاسکی نەگیراو زۆرە**)(خاڵ:١٧)، (**خەیاڵ پڵاوە**)(خاڵ:١٣٤). هەرچەند پەندەکان ڕستەی کورت و پوختن، بەڵام خاوەنی ناوەڕۆکێکی بە پێزی ئەدەبی و واتاداری بە سوودن.

**٢,٣,١ کوردی پەتی:** یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی پەندی کوردی سادەیی زمانەکەیەتی، کە هەمان زمانە گشتییەکەی ناو کۆمەڵگەکەیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی سروشتی زمانی کوردی، لە داڕشتنی زۆربەی پەندەکاندا نموونەیەکی جوانی کوردی پەتی بەرچاودەکەوێت، کە هەڵگی وێنەیەکی زمانەکەن. بۆ نموونە: (**بە گوڵێ بەهار نایەت**)(خاڵ:٦٩)، (**بێ زورنا هەڵئەپەڕێ**)(خاڵ:٩١)، (**خوا یار بێ با شیرت دار بێ**)(خاڵ:١٣٨). کاتێك لە پەندەکان دەڕوانین، دەبینین کە تەڕی و پاراوی زمان، جوانی و سادەیی کوردی پەتی ئەو سیفاتانەن کە لە وشەکاندا هەن و ڕستەکانی پێداڕێژراوە. ئەمەش نیشانەیەکە بۆ مێژووی کۆنی پەندی کوردی و گەڕانەوەی بۆ سەردەمانێك، کە خەڵکەکەی کەمترین ئاوێتە بوونی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا هەبووە.

**٣,٣,١ پەیوەندی بەکولتور و ناسنامەی نەتەوەیی:** پەندی کوردی ڕەنگدانەوەی ژیان، دابونەریت، یاسا و ڕێساکانە، باوەڕ و شێوازی بیرکردنەوە گەلی کوردن. هەر بۆیەش ئێمە لە کرۆکی پەندەکانەوە دەتوانین قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کوردەواری و ئەو بەرەو پێشچوونە کۆمەلایەتییانە لە لادێیەکانەوە تا شار و شارستانییەت بەدیبکەین. لە بەشێکی پەندی کوردیدا لایەنێکی جوانی کوردپەروەری و نیشتمانپەروەری بەرچاو دەکەوێت. **(ڕێوی لە کونی هەلگەڕێتەوە گەڕ دەبێ)**(خاڵ:١٧٩)، **(ئەمەش فەرموودەی قەدیمێکانە، بەرد لەجێگەی خۆی قورس و گرانە)**(غەفور:٣٢)، **(پێم خۆشە گورگی وڵاتەکەی خۆم، بمخوا نەوەك شێری عەرزە ڕۆم)**(غەفور:٢٧). ئەم پەندانە ئاوێنەی نیشتمانپەروەری و بیری نەتەوایەتیین. ئەوەمان پیشاندەدەن، کە گۆڕینی بیروباوەر و شوێنی نیشتەجێبوون کارێکی ناپەسەند بووە و لەگەڵ کلتورو دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا ناتەبابووە.

**٤,٣,١ ڕەزم و ئاواز:** بەشێك لە پەندە کوردییەکان خاوەن ڕەزم و ئاواز و ئاهەنگن، (ئەمەش لە ئاکامی هارمۆنیەتی وشەکان و گونجانیان لە ڕستەدا، یان لە ڕێگەی سەرواو وەستانەوە جۆرە مۆسیقایەك بە پەندەکە دەبەخشن)(اکرام:١٣). ئەمەش وایکردووە، کە پەندەکان بەئاسانی لەسەر زار بنیشن و گێڕانەوەیان شیرین بێت. کاتێك گوتراوە **(لە هەموو هەورێ باران ناباری، ڕاز کەوتە زاری، ڕاست کەوتە شاری)**(زرنگ:٢٠١٤). وشەکانی (ناباری، زاری، شاری) زاراوەو چەمکی سەروادارن و شوینی وەستانن، بۆیە جۆرە ئاوازێکیان درووستکردووە. **(زانی ئەزم نەیزانی دزم)**(خاڵ:١٨٤). لەم پەندەدا دەنگی (ز) چەندینجار لەناو وشەکانی پەندەکەدا دووبارەبۆتەوەو جۆرێك لە مۆسیقای بەرهەمهێناوە. لەم پەندەشدا **(تا پیری ئەمری ، هەزار جوان ئەمری)**(خاڵ:١٣٨). دووبارەبوونەوەی وشەی (ئەمرێ) ڕەزمێکی بە پەندەکە بەخشیووە. ئەم وردەکارییانەی لە داڕشتنی بەشێکی پەندەکاندا بەکارهاتوون، لە دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە، بەکارهێنانی سەرروای کۆتایی پەندەکان، جوانی و چێژێکی ئەدەبی پێبەخشیوون.

**٥,٣,١ بەکارهێنانی ڕەمز و هێما:** یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی پەندی کوردی بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەمز و هێما لەداڕشتنی بەشێك لە پەندەکاندا. پێشینان کاتێك پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی هێما، ویستوویانە واتایەکی زیاتر لە واتای ڕاستەوخۆی وشەکە یان شتەکە بگەیەنن. کاتێکیش ڕەمزییان بەکارهێناوە، کە ویستوویانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرۆکە و پەیامێك بگەیەنن، لە پێناو قووڵکردنەوەی واتا و ئاسان لەبەرکردنی پەندەکان و هاندانی تاك بۆ بیرکردنەوەو لێکدانەوەی زیاتر (ئەمەش یەکێکە لە تایبەتییەکانی دەقی ئەدەبی بەگشتی و هەبوونی شیعرییەت، هەروەك (ڕۆمان یاکۆبسن) لە تیۆرە بەناوبانگەکەیدا لەبارەی ئەرکی زمان ئاماژەی پێکردووە)(ئەحمەد،٢٠٥:٢٠١٦). بۆیە خواستن یەکێکە لەو هونەر و ڕێ و شوێنانەی لە دەقە فۆلکلۆرییەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە. پەندی کوردیش وەك بەشێکی گرنگی فۆلکلۆر خاوەن زمانێکی خواستراوترە، بەتایبەتی لەو پەندانەی، کە ڕاستەوخۆ واتا نادەن بەدەستەوە. بۆ نموونە لەم پەندانەدا **(ئاگر لەچاوی دەباری)**(خاڵ:١٩)، **(ئاوێکی خراپ ڕێژراوە)**(خاڵ:٢٤)، **(ڕێوی ماڵ و شێری دەرەوەیە)**(خاڵ:١٧٩). زاراوەو چەمکەکانی (ئاگر، ئاوی خراپ، ڕێوی، شێر) بۆ واتای ڕاستەقینەی خۆیان بەکارنەهاتوون، بەڵکو لە شێوەی ڕەمز و هێما پەیام و واتای قووڵی پەندەکانیان لەخۆیاندا بارکردووە.

**٦,٣,١ گواستنەوەی زارەکی:** لەبەر ئەو بارودۆخە جیاوازانەی لە بوارە جیاوازەکاندا بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتووە، خوێندەواری و دەرکەوتنی چاپ و چاپەمەنی و ئەدەبی نووسراو کەمێك دواکەوتووە. بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆکارێك ، کە میللەتی کورد نەتوانێت پارێزگاری لە ئەدەبی فۆلکلۆر و سەرزارەکی خۆی بکات. بۆیە پەندە کوردییەکان نەوە دوای نەوە بەشێوەیەکی زارەکی و دەماودەم گواستراونەتەوە و پارێزگارییان لێکراوە.

**٧,٣,١ زیندوویێتی:** ئەگەرچی پەندی کوردی بەرهەمێکی زۆر کۆنی پێشینیانی میللەتی کوردە و ڕەنگدانەوە و گوزارشتکردن بووە لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیانێکی سادە، بەڵام بەشێکی پەندەکان وابەستەی هیچ شوێن و قۆناغیکی دیاریکراو نین، چونکە توانای خۆگونجاندنیان هەیە و گوزارشتن لە

رووداوەکانی ژیانی رۆژانە. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت بە ناوی میراتی کۆن پشتگیری لەهەموو پەندێك بکرێت و بەهۆی پێشینیانەوە وەکو ڕاستییەکی بێگومان وەربگیرێت. بەڵکو پێویستە هەر پەندێك بەپێی بەها و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەی هەڵبسەنگێنرێت. بۆ نموونە ئەم پەندانە: **(لە دەرگای خەڵکی بدەی لەدەرگاکەت دەدرێتەوە)**(گەلالێ:٢٠٢)، **(خراپە هەر خراپەی لێدەکەوێتەوە)**(گەلالێ:٢٣٥)، **(ئەوی بە پەیژەدا سەرکەوێ، ئەبێ لەخوارەوە دەست پێبکات)**(خاڵ:٤٩)، **(دەست پانکەیتەوە، لەپێ ئەکەویت)**(خاڵ:١٥١). بەهاکانیان لە هەموو شوێن و قۆناغێکی جیاوازی ژیان کاریگەری خۆیان هەیە.

**٤،١ خوێندنەوەی پەندی کوردی لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە:**

ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندی کارە ئەدەبییەکان، واتە: (دەرخستنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە کارە ئەدەبییەکاندا، یان ئاشکراکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان لە هەر کارێکی ئەدەبی، جا هۆنراوە بێت یان پەخشان، چیرۆك بێت یان ڕۆمان)(طه،١١:١٩٨١). لێرەدا لەسەر جیاکردنەوەی لایەنی باش و خراپ لە هەموو ئاستەکانی دەق دەوەستێت. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش لێکەوتەی ئەم بیرۆکەیە، کەپێی وایە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانە یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. (ڕەخنە کاریگەری لەسەر ئەدەبییات لە کۆمەڵگەدا هەیە. هەروەها ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کاریگەری ئەدەب لەسەر کۆمەڵگەو کاریگەری کۆمەڵ لەسەر ئەدەبییات دەخاتە بەرباس و لێکدانەوە)(حسین،١٥:٢٠٠٧). کەواتە ئەم میتۆدە کاردەکات بۆ ئاشکراکردن و تیشك خستنەسەر ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە. ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوون و بنیاتنانی کۆمەڵگە، دەستکەوتە ماددیی و مەعنەوییەکانی مرۆڤی لیکداوەتەوە، دەقی ئەدەبیش یەکێکە لەو دەستکەوتانەی کە مرۆڤ لە مێژووی بوونی خۆیدا بەدەستی هێناوە، غەریزەی ژیان و پاڵنەری بەرگەنەگرتنی تەنیایی، مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنا و کردی بە تاکێکی کارتێکراوی ژێردەستی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان. واتە: (مرۆڤ کوڕی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەیە کە تێیدا دەژی، ئەو پێکهێنەری بنەڕەتی کەسایەتی نوسەرە، ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازەو دەگۆڕێ)(مەنتك،٨٠:٢٠٢٦). کەواتە: ئەدیب کوڕی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە پێویستە بە چاوی سەردەمەکەی خۆی لێیبڕوانین و هەموو ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییانە دیاریبکەین کە کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هەبووە. (مەدام دی ستایل( وەکو ژنە نوسەرێکی فەرەنسایی لەساڵی (١٨٠٠)دا پەرتووکێکی بەناوی (ئەدەب لە پەیوەستیدا بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا) بڵاودەکاتەوە و تێیدا دەڵێت: (ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵ). پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵیش لەم سێ خاڵەدا دیاریدەکات:

١. **خوێندنەوەی بەدوایەکداهاتوو:** مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە، کە ئەدەب لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەدا گۆڕانی بەسەردادێت. یان دەتوانین بڵێین: هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆیەتی. پەندی کوردیش وەك بەرهەمێکی سەرزارەکی پێشینیانی کورد، ڕەنگدانەوە و گوزارشتکردن بووە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە سادەیەی کۆمەڵگەی کوردیی لەو قۆناغەدا پێیدا تێپەڕیووە. بۆیە پێویستە لە ئێستادا دووبارە خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ بەشێك لەو پەندانە بکرێتەوە و بتوانرێت لەگەڵ پێشکەوتن و تێگەیشتنە نوێیەکان و هۆشیاریی تاکی هاوچەرخ بگونجێنرێت، چونکە (دەق بەرهەمێکە لەپێناو کۆمەڵگەدا بەرهەمهێنراوە، توخم و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش بنیادی دەقی ئەدەبییان پێکهێناوە، بۆیە لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەدەب لێکەوتەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییە)(مەلازادە،٢٤٤:٢٠٢١). بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیش زۆر جیاوازترە لەو بارودۆخەی کە پەندی پێشینانی تێدا بەرهەمهاتووە. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، پەندی کوردی وەك دەقێکی ئەدەبی، یان دەستەواژەی ئەزموون و دانایی ناناسێنێت، بەڵکو وەك بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی لێیدەڕوانێت و خوێندنەوەی بۆ دەکات، لە شیکردنەوەی (باوەڕ، نەریت، بەها کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی تاك، جیاوازی ڕەگەزی و چینایەتی). لەم ڕوانگەیەوە،

بەشێك لە پەندەكان دەتوانن بەهای باش بڵاوبكەنەوە، بەشێكی دیكەشیان دەتوانن بەردەوامی بە هەندێك بیروباوەڕی كۆن بدەن. بۆیە كاتێك كە پەندەكان لەگەڵ پێویستی كۆمەڵگەی هاوچەرخدا هاوتەریب نابن، پێویستییان بەخوێندنەوەی نوێ و سەردەمییانە هەیە.

**٢. خوێندنەوەی شوێنی:** (مەدام دی ستایل) بیروڕای وایە، كە گۆڕانكاری و پێشكەوتن بە شوێنەوە پەیوەستن. واتە: شوێن ڕۆڵی لە گۆڕانكارییەكاندا هەیە. كەواتە: گۆڕانی سیستەمی كۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوازو ناوەڕۆكی ئەدەب. بە هەمان شێوە، ئازادییش دەرفەتی گەشەكردنی ئەدەب زیاتر دەكات. بۆیە دەبێت پەندی كوردی لەگەڵ دامەزراوە و سیستەمە كۆمەڵایەتییە نوێیەكاندا بگونجێنرێت، نەوەك تەنیا وەك دەقێكی دانایی سەرزارەكی سەیربكرێت. لە ڕووی شوێنی بەرهەمهێنان و دارشتنی پەندە كوردییەكان، بەشێكی زۆری پەندەكان پەیوەندییان بە (كشتوكاڵ و ئاژەڵداری، شەڕ، كۆچ، هەژاری، دەسەڵاتی پیاو، پەیوەندییە خێزانییەكان، شێوازی كارو ژیان، شێوازی بیروباوەڕە باوەكانەوە)هەیە. لەبەرئەوەی پەندی كوردی وەكو بەرهەمێكی زارەكی لەسەر زاری خەڵكانێك گێردراونەتەوە كە دانیشتووی دەشت و شاخ و لادێیەكان بوون. هەروەک لەم پەندانەدا دیارە، **(لادێیی ڕۆن بێنێ و ئاو بەرێ هەر ئاو قازانج ئەكا)**(خاڵ:٢٨٢)، **(جووتیار كوونی بێ، گا كاوێژی بۆ دەكا)**(خاڵ:١١٩). بەڵام، لە ئێستادا كۆمەڵگەی كوردی لە ڕووی (سیاسی و ئابووری، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، شوێنی نیشتەجێبوون و پێداویستییاكانی ژیان) بەقۆناغێكی زۆر جیاوازتر لەو قۆناغە تێدەپەڕێت، كە پەندە كوردییەكانی تێدا لەدایكبووە. بۆیە، پێویستە دووبارە لێكدانەوەو خوێندنەوەی جیاواز بۆ بەشێك لە پەندەكان بكرێتەوە.

**٣. دژیەكبوون لە نێوان پێویستی ئەدەبی و ئەدەبی واقیعی:** لە پێویستی ئەدەبییدا ئامانجی سەرەكی ئاراستەكردنە كۆمەڵگەیە بەرەو ئامانجێكی دیاریكراو. زیاتر گرنگی بە ئامۆژگاری دەدات. واتە: ئەدەب وەك ئامرازێك بۆ پەروەردە و چاكسازی كۆمەڵگە دەبینێت. ئەدەبی واقیعیش هەوڵدەدات ژیانی ڕاستەقینە و بارودۆخی پێویستی كۆمەڵگە وەك خۆی پیشان بدات. واتە: ئەدەب وەك ئاوێنەی كۆمەڵ دەبینێت. كەواتە: (لەگەڵ هەر گۆڕانكارییەك دەبێت شتێكی نوێ و ئەدەبێكی نوێی نیشتمانی و كۆمەڵایەتی بێتە ناوە و لەدایك بێت)(بركات و غسان،١٩٩٥:٤٩). كەواتە: ناكرێت كۆمەڵگە پێشبكەوێت و ئەدەبەكەمان هەر ئەدەبە كۆنەكە بێت. بەپێی میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی، ئەم دەقەی دەنووسرێت دەبێت لەبارەی كێشەو گرفت و پێویستییەكانی ناو كۆمەڵ و چینە جیاوازەكانی بێت. پەندە كوردییەكانیش بەپێی پێویستی قۆناغەكە، بەشێكی زۆریان دەچنە ناو بازنەی ئامۆژگاری و گواستنەوەی ئەزموونی ژیانێكی سادە و كاریگەرییان لەسەر پێشكەوتن و بەرزكردنەوەی ئاستی ژیری و هۆشیارییەوە نییە، هەروەک ئەم پەندانە، **(حەیران و ساوەر قەت پیر نابن، كاروانی ئاش تەواو نابێ)**(خاڵ:١٢٨)، **(مریشك لە دانەوێڵە سڵ ناكات)**(خاڵ:٣٠٠)هەندێك لایان وایە، ئەدەبی سەركەوتوو ئەدەبێكە، كە بتوانێت ڕاستییە كۆمەڵایەتییەكان بخاتەڕوو، هەروەها بەها و بیرۆكەی پێشكەوتنخوازیشی- تێدا ڕەنگبداتەوە. بۆیە لەژێر ڕۆشنایی بنەماكانی میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی، دەگەینە ئەم ڕاستییەی، كە پەندی كوردی ڕەنگدانەوەی دابونەریت و لایەنی كۆمەڵایەتی ژیان و كاری كۆمەڵی كوردەواری بووە لە سەردەم و قۆناغێكی سەرەتاییدا. بەپێی ئەم گۆڕانكارییانەشی كە لەناو ژیانی ئێستای كۆمەڵگەی كوردیدا هەیە، پەندەكان پێویستییان بە خوێندنەوە و لێكدانەوسازیی تازە هەیە بە مەبەستی سوود وەرگرتن و زیندوو هێشتنەوەیان.

## بەشی دووەم

### ١,٢ لایەنە نەرێنییەكانی بەشێك لە پەندی كوردی

تێڕوانین لە پەندی كوردی لەژێر ڕۆشنایی بنەما گرنگەكانی میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی، لە ئاستی سادەی شانازیكردن بەكەلەپوور دەمانگوازێتەوە بۆ ئاستی شیكاری زانستی و ڕەخنەیی. لەبەرئەوەی پەندی كوردی وەك تابلۆی بارودۆخە كۆمەڵایەتییەكان لە قۆناغێكی دیاریكراودا خۆی

نمایش دەکات، کە باس و خواس و ئاماژەپێکراوەکانی کۆمەڵگەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشانی لایەنە نەرێنییەکانی بەشێك لە پەندە کوردییەکان لەسەر ئاستی هۆشیاریی تاکی کورد بکەین. هەرچەندە پەندی کوردی وەك بەشێك لە میراتی زارەکی زۆر کات ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی ئەزموون و بەها ئاکارییەکاندا هەبووە. هەندێکجاریش هەڵگری پەیامی نەرێنی بووە. لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژە بە لایەنە نەرێنییەکانی بەشێك لە پەندە کوردییەکان دەدەین:

**١,١,٢ بەرهەمهێنانی پیاوسالاری:** کولتووری پیاوسالاری نەهێشتنی یەکسانی و ڕەگەزی و کۆنەپەرستییە، سنووردارکردنی دەرفەتەکانی ژنان و بەربەست خستنە بەردەم بەدیهێنانی خواستەکانیانە. بەشێکی بەرچاوی پەندی کوردی ئامرازێکن بۆ ڕەوایەتییدان بە دەسەڵاتی پیاو، یان ڕەگەزی نێر لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا. ئەمجۆرە پەندانە هۆکارن لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕێك، کە هانی کۆمەڵگە دەدات بۆ پیاوسالاری و هێشتنەوەی دەسەڵات لەلای پیاو و پارێزگاری لێکردنی. وەسفکردنی پیاو لەناو بەشێکی پەندی کوردی لایەنێکی بەهێزە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاراستە و جۆری بیرکردنەوەی ڕەگەزی نێر دادەنێت و دەبێتە هۆکاری پەراوێزخستنی ڕەگەزی مێ. هەروەك لەم پەندانەدا شیکراوەتەوە: (پیاو لە ماڵی خۆی ملی شا ئەپەڕێنێ)(خاڵ:٩٩). پەندەکە ڕەنگدانەوەی ئەو تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە، کە پیاو بە سەرپەرشتیار و خاوەن دەسەڵاتی سەرەکی ماڵ دادەنێت و تاکە بڕیاردەریش هەر خۆیەتی. هەرچەندە لە داڕشتنی پەندەکەدا ناوی ژن نەهاتووە، بەڵام لە سیاقی پەندەکە ئامادەیە. لە کاتێکدا لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، پێویستە بڕیاری خێزان بەشێوەیەکی هاوبەش بێت. (پیاو کە لە ماڵا نەبوو، ژنی ئەدرێ بە شوو)(خاڵ:٩٩). ئەم پەندەش ژن وەك موڵکی پیاو و پەیوەست بە پیاو وێنادەکات و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ بڵاوکردنەوەی ترسی کۆمەڵایەتی. ئەمجۆرە پەندانە تەنیا ڕستەی سادە نین، بەڵکو دەتوانن لەمێشکی ڕەگەزی نێردا ئەمجۆرە وێناکردنەی ئافرەت جێگیر بکەن و ببێتە بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. بەمشێوەیە بەشێك لە پەندە کوردییەکان، دەیانەویت ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بە شتێکی ئاسایی و سروشتی پیشان بدەن، کە دواجار کاریگەری نەرێنی لەسەر هۆشیاریی تاکی کورد دادەنێت.

**٢,١,٢ جیاکاری ڕەگەزی:** جیاکاری ڕەگەزی بریتییە لەو دۆخەی، کە ئافرەتان تێیدا بەراورد بە پیاوان کەمترین ڕۆڵ و دەستکەوتیان هەیە لە ئەرك و ماف و بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگەدا)(صابر،٢٠٢٣:١٠). واتە، نایەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە وەرگرتنی پیشە و ماف و دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا. لە بەشێکی پەندی کوردیدا ئافرەت بە چاوێکی کەمتر لە پیاو سەیرکراوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەرەسەندنی بیری جیاکاری ڕەگەزی. هەروەك لە ناوەڕۆکی ئەم پەندانەدا بە ڕوونی دیارە. **(عەقڵی ژنم و عەقڵی گونم وەك یەك وایە)**(خاڵ:٢١٤). ژن وەك بوونەوەرێکی کەم ئاوەز وێناکراوە و تایبەتمەندییەکی نەرێنی پێوەبەستراوەتەوە، لە بەرامبەردا نێرینە بە پێوەری ئاوەز و ژیریی دانراوە. لە پەندێکی دیکەدا هاتووە، **(ئەوەی کردی بە قسەی ژنێ، دەستی داوە لەوێ گونێ)**(خاڵ:٥٢). پیشاندانی ژنە وەك سەرچاوەی قسەی بێباوەڕ، واتە قسەی ژن کەمتر جێگای متمانەیە لەبەرامبەر قسەی پیاواندا. ئەم پەندانە وێنەی کلێشەیی ژن دروستدەکەن و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دادەنێن.

**٣,١,٢ هاندان بۆ بێدەنگی:** مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەز، پێداویستییەکانی ژیان و مەبەست و بیرکردنەوەو پەیامەکانی لە مێشك و ئاوەزەوە سەرچاوە دەگرن و لەڕێگەی زمانەوە ئاشکرایان دەکات. بەڵام لە بەشێکی پەندە کوردییەکاندا بێدەنگی وەك نیشانەی ژیریی و وریایی و زمان وەك بەڵایەك وەسفکراوە. بۆ نموونە: **(ئەگەر زمان بیەڵێ سەر ڕەحەتە)**(خاڵ:٢٩)، **(بە زمانی خۆم چیم کرد بەخۆم)**(خاڵ:٧٢). واتە زمان هۆکارێکە بۆ نیگەرانیی و ئازار، ئەم پەندانە هاندانن بۆ بێدەنگی. ('بیرزیما' دەیویست لەڕێگەی بنیاتی زمانەوانی دەق و پێکهاتەی وشەو جۆرو ڕۆنانی ڕستەکانەوە بەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەق بگات و بەبڕوای ئەو، زمان هۆکارێکی بەهێزە بۆ دەرخستنی پەیوەندی ئەدەب بە کۆمەڵگەوە بە پێچەواشەوە)(مەلازادە،٢٠٢١:٢٤٨). لە ڕوانگەی ڕەخنەی

کۆمەڵایەتییەوە ئەمجۆرە پەندانە لەگەڵ ڕاستییدا ناگونجێن، چونکە هەڵە بەکارهێنانی زمان مرۆڤ دووچاری کێشە دەکات نەوەك پێویستی بەکارهێنانی زمان. زۆرجاریش مرۆڤ بەدەربڕینی ئەو قسەیەی لە دڵ و مێشکیدایە بارێکی دەروونی لەسەر کەم دەبێتەوەو هەست بە ئارامی دەکات. **(کەو زمانی خۆی دوژمنیەتی)**(خاڵ:٣٥). ئەم پەندەش، زمان و قسەکردن وەك مەترسی پیشان دەدات. کە لەگەڵ بنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین ناگونجێت. لایەنی نەرێنی ئەمجۆرە پەندانە ئەمەیە، کە هیچ جیاوازییەك ناکات لەنێوان بێدەنگی ژیرانە و بێدەنگی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە ئەمجۆرە پەندانە وەك هاندانێك بۆ بێدەنگی و جڵەوگیرکردنی ئازادی تاك دادەنرێن.

**٤,١,٢ کاڵکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:** بەشێك لە پەندی کوردی مرۆڤ هاندەدەن بۆ ئارامگرتن و بەرگەگرتن و قبووڵکردنی بارودۆخی نالەبار. ئەمجۆرە گوتارانەش لە هۆشیاری تاکدا دەبنە هۆکاری لاوازبوونی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و دوورکەوتنەوە لە بەشدارییکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. کاتێك لەم پەندانە دەڕوانین، **(سەبر تاڵەو بەری شیرینە)**(خاڵ:١٦٩)،**(حیزی و سەلامەتی)**(خاڵ:١٣٠)، **(بە زمانی خۆم چیم کرد بەخۆم)**(خاڵ:٤٩). دەبینین، کە وەك ئاگادارییەك بەکاردێن بۆ بێدەنگبوون و دەرنەبڕینی بیروڕا لە بارودۆخ و هەڵوێستە جیاوازەکاندا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ کوشتنی بیرکردنەوە ڕەخنەیی لە هۆشیاریی تاکی کورددا.

**٥,١,٢ جڵەوگیرکردنی کۆمەڵایەتی:** کورد یەکێك بووە لەو کۆمەڵگەیانەی، کە لە ژێر دەسەڵاتی ئاغا و ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا بووە، بۆیە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی سەرکووتکردنی خەڵك و ڕازیکردنی بە چارەنووسی خۆی دەخاتە بەر تیشکی ڕەخنە. (پۆل لاندیز پێی وایە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك پرۆسەی کۆمەڵایەتییە، وا لە تاك دەکات بەرامبەر کۆمەڵەکەی یاخود کۆمەڵگەکەی بەرپرس بێت. هەروەها دەتوانرێت لەڕێگەیەوە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بونیاد بنرێت)(رسول،٣٥:٢٠١١). ئەمجۆرە جڵەوکردنە کۆمەڵایەتییەی لە پەندی کوردیدا هەیە، پێویستییەکی هەنووکەیی نییە و بابەتێکە لە سەرەتا بۆ جڵەوکردنی ڕەفتاری تاك بووە، لەچوارچێوەی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە: **(بە خۆی چەندە، بەشی هەر هەندە)**(خاڵ:٦٤)، **(ئەگەر ئەتەوێ عەقڵت ساواکەیت، لەگەڵ گەوران شەڕو دەعوا کەیت)**(خاڵ:٢٧). ئەم پەندانە هۆکارێکن بۆ ملکەچی و بەرهەمهێنانی پاشەکشەی هۆشیاریی کۆمەلایەتی بەرامبەر دەسەڵاتدار.

**٦,١,٢ پشتیوانی چینایەتی کۆمەڵایەتی:** (چینی کۆمەڵایەتی بریتییە لە گرووپێك، یان دەستەیەك لە تاکەکانی کۆمەڵگە، کە دەتوانرێت پێگەی کۆمەڵایەتییان بەهەندێ پێوەری دەرەکی هاوبەش دیارییکات) (سعدی،١٣:٢٠٢٣). لە خوێندنەوەی رەخنەی کۆمەڵایەتییدا، بەشێك لە پەندە کوردییەکان تەنیا ئاوێنەی ژیانی واقیع نین، بەڵکو بەرهەمهێنەر و پارێزەری سیستەمی چینایەتی کۆمەڵایەتی و نایەکسانین. واتە: ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینی و ململانێیەیە، کە لە ژیانی واقیعی کۆمەڵایەتی هەیە. بۆیە ژینگەو کۆمەڵ کاریگەرییان لەسەر داڕشتن و ناوەڕۆکی پەندە کوردییەکان هەبووە، هەروەك ئەم پەندانە (تەعزێی دەوڵەمەند شایی فەقیرە)(خاڵ:١٠٩). لەرووی کۆمەڵایەتییەوە خۆشبەختی و بەدبەختی بە هەبوونی سامانەوە پەیوەست دەکەن. **(گوێرەکەی دەوڵەمەند هی فەقیری بەستەوە)**(خاڵ:٢٦١). چینی دەوڵەمەند بە بەهێزتر لە چینی هەژار پیشان دەدەن. **(گانی دەوڵەمەند جلێ لە بانی، گانی بێوڵەت عالەم پێیزانی)**(خاڵ:٢٥٤). تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ چینی دەوڵەمەند بە بەرزی و بۆ هەژاریش بە چاوێکی نزم وێنادەکات. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە جیاوازی چینایەتی دەکرێت. جیاوازی نێوان تواناو پلەی کۆمەڵایەتی نێوانیان بە شتێکی سروشتی نەگۆڕ پیشان دەدەن. لێرەدا پەندەکان وەك ئامرازێکی فێرکاری و ئامۆژگاری دەرناکەون، بەڵکو لە زەین و بیری تاکدا بیر و بیرۆکەی چینایەتی زەقدەکەنەوە.

**٧,١,٢ دژیەکی واتایی پەندەکان:** کاتێك پەندەکان دەخەینە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بەشێکی پەندەکان هەمیشە خاوەنی یەك فەلسەفە و پەیام نین. بەڵکو بەپێی (بارودۆخ، کات، ئەزموونی مرۆڤ) ناوەڕۆکەکانیان لە ڕووی واتاییەوە دژ بەیەکتر دەوەستنەوە.

هۆکارەکەشی ئەمەیە، کە پەندی کوردی وەك بەرهەمێکی زارەکی لەناو سیستەمەیێکی داخراو و یەکدەستیدا نەبووە، بەڵکو کۆکراوەی ئەزموونی کۆمەڵگەیە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا. (هەموو دەقێك لەگەڵ کۆمەڵ نایەتەوە، بەڵکو لەسەردەمی ئێستا شێوازێکی دەق هەیە دژە لەگەڵ کۆمەڵ)(مەنتك،٢٠٢٦:٨٨). ئەم میتۆدە زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکی دەق ئەدەبی دەدات نەوەك شێوەو شێوازی ئەدەبی، بۆیە کاتێك سەیری ئەم پەندانە دەکەین، **(خۆ نانم بەسەر ساجەوە نەسووتاوە)**(خاڵ:١٤١)، **(شەیتان پەلەی کرد چاوێکی خۆی کوێر کرد)**(خاڵ:٢٠٩). هۆکاری دواخستنی کارو پشتگوێخستنی کاتن. مرۆڤ هاندەدەن لە ئەنجامدانی کارەکانی پەلە نەکات، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆکاری لەدەستدانی دەرفەت و هەلی گەورە. بەراورد بەم پەندانە، **(سەبر لە بێ دەسەڵاتییە)**(خاڵ:١٨٩)، **(کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی)**(هەمزەیی:١١). مرۆڤ هاندەدەن لە کاتی خۆیدا و بەزوویی کارەکانی ڕاپەڕێنێت. بۆیە لە نێوان ئەم پەندانەدا دژیەکییەکی واتایی ڕوون بەدیدەکرێت، کە لە ڕووی هۆشیاریی و تێگەیشتن و بیرکردنەوەدا، تاکی کورد دووچاری سەرلێشێواوی دەکەن.

**٨,١,٢ سڕینەوەی لێبوردەیی:** لە بەشێکی پەندی کوردیدا، توندوتیژی و شەڕ و تۆڵەسەندنەوە، وەك ڕەفتارێکی پیرۆز و پەسەندکراو دەخرێتە سەر لایەنی هۆشیاریی و ڕۆشنبیری مرۆڤەوە. تۆڵەکردنەوە ڕەفتارێکی سیفەتێکی دوژمنکارانەی هەیە، لە لایەنێکەوە پیادەدەکرێت بەرامبەر کەسێك، کۆمەڵێك، چینێك، ئەم کردارەش هۆکارێکە بۆ توندوتیژی زیاتر، لەکاتێکدا تۆڵەکردنەوە و توندوتیژی وێنەی جیاجیا بەرهەمدەهێنێت، (دەشێت لە ئازاردانی کەسێکەوە دەستپێبکات تا دەگاتە بەرپابوونی جەنگ و کوشتنی بەکۆمەڵ)(محمد،٢٠١٢:١٩). بۆیە بەشێك لە پەندی کوردی کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی و تێگەیشتن و هۆشیاریی تاك دادەنێن. کاتێك سەیری ئەم پەندانە دەکەین: **(تۆڵە بە تۆڵە قازانجی زۆرە)**(خاڵ:١١٤). گیانی لێبووردەیی لەناخی تاکدا دەکوژن، وەڵامدانەوەی زیان بە زیان وەك ڕەفتارێکی بەهادار وێنادەکات. ئاشتی و چارەسەرکردنی ناکۆکی بەڕێگەی گفتوگۆ لە هۆشیاریی تاکدا لاوازدەکات. **(ئەو خوێنەی شەوی بەسەردا تێپەڕی تۆڵەی فەوتاوە)**(خاڵ:٤٥)، **(ئەوەی دەرزی پیاکردی تۆ سوژنێکی پیا بکە)**(خاڵ:٢٩). بەردەوامی بە کولتووری ڕق و کینە و تۆڵەکردنەوەی خێرا دەدات و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە یاسادا پشتگوێ دەخات. پەرەدان بە کاری دوژمنکارانە و کاڵکردنەوەی لێبووردەیی یەکێکە لە لایەنە نەرێنییەکان بەهۆی خوێندنەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە بەشێکی پەندی کوردیدا خراونەتەروو.

**٩,١,٢ بەرهەمهێنانی وێنەی قاڵبی یان کلێشەیی:** مەبەست لە وێنەی قاڵبی، یان کلێشەیی، جێگیرکردن و چەسپاندنی تێگەیشتن و باوەڕێکە بەرامبەر بە کەسێك، یان شت و بابەتێك، بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوەی هەمان وێنە وەك خۆی. دواجار وێنەکە لە مێشك و هۆشیاریی تاکدا وەك ڕاستییەك خۆی جێگیردەکات. مەرجیش نییە ئەم وێناکردنە لەگەڵ هەموو سەردەم و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بگونجێت. بۆ نموونە: لە بەشێکی پەندی کوردیدا بەپێی قۆناغە جیاوازەکان هەمان بیرورا و وێنە لە وەسفی ژن یان پیاودا دووبارە بۆتەوە و بۆتە وێنەیەکی کلێشەیی و نەوە دوای نەوە گواستراوەتەوە. لە نموونەی ئەم پەندە کوردییانەدا ئەم وێناکردنە دەبینین، کە بەرامبەر بە ژن کراوە. **(ژن بێ باوەڕیشەو خۆش باوەڕیشە)**(خاڵ:١٨٥)، **(ژن تا جووتێ پێڵاو ئەکرێ، هەزار جووت ئەدڕێ)**(خاڵ:١٨٥)، **(ژن کە تورەبوو ئەو گۆزەیەی کە پڕە لە نهێنی ئەیشکێنێ)**(خاڵ:١٨٥)، **(ژنیش هەیە ژانیش هەیە)**(خاڵ:١٨٥). لە ڕووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم پەندانە ژن وەك هۆکاری ناخۆشی و ئازار پیشان دەدەن و تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بە هەموو ژنان دەبەخشن. نەك وەك تاکێکی جیاواز، کە خاسیەت و ڕەفتاری جۆراوجۆری خۆی هەیە. لە هەمانکاتدا وێنەیەکی گشتگیر و کلێشەیی بۆ ژن وێنادەکەن لە لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی نەوەکانی داهاتوو. ئەم وێنە کلێشەییانە لە بەشێکی زۆری پەندی کوردیدا بەرامبەر بە بابەتگەلێکی دیکەش دووبارەبوونەتەوە.

**١٠,١,٢ پاراستنی دابونەریتی کۆن**: دەتوانین دابونەریت بە کۆمەڵێك یاسا و بنەما پێناسە بکەین، کە لە کۆمەڵگەی وابەستە بە باب و باپیرانەوە چالاك و کاران. چاك و خراپیان وەك خۆی بەبێ کەم و زیاد جێبەجێ دەکرێن و پەیوەست دەکرێن بە بیروباوەڕی کۆمەڵەوە. واتە: (دابونەریت بریتییە لە کۆمەڵێك بیروباوەڕ، کە لەناو هەر دەستە و کۆمەڵێکدا هەیە، ڕەگوڕیشەکەی بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە)(طباطبایی،١١٤:١٤٠٠). پەندی کوردیش تەنیا دەربڕین و گواستنەوەی ئەزموونێك نییە، بەڵکو یەکێکە لەو هۆکار و ڕێگایانەی، کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دابونەریت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە پێدەگوازێتەوە. بە پێوەری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش هەموو دابونەریتێك پێویستی بە پاراستن و بەردەوامی نییە. بەشێك لە پەندی کوردی پیشاندەرو پارێزەری باوەڕە کۆنەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکانن، بەڵام مەرج نییە بەشێك لەو دابونەریتە کۆنانە لەگەڵ بیرکردنەوەی نوێ و مافەکانی مرۆڤی هاوچەبرخدا بگونجێن. هەروەك لەم پەندانەدا هاتووە: **(ئەوەی بچێتە شاری کوێران، دەبێت دەست بە چاویەوە بگرێت)**(خاڵ:٢٧٤). پەندەکە تاك فێردەکات لەگەڵ هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێکی نادرووستدا خۆی بگونجێنێت، لە بری ئەوەی هەوڵی گۆڕانکاری بدات. **(قسەی پێشینان وەك نەقشی دیوار وایە)**(خاڵ:٢٢٢). ئەم پەندە تاك ناچار دەکات، کە قسەی پێشینان وەك باوەڕێکی ڕاست و نەگۆڕ وەربگرێت، بەبێ ئەوەی بیخاتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بەهایەکانی کۆمەڵگەی نوێ و یەکسانی و ئازادی تاکیش نەگونجێن. **(لەگەڵ عامێ برۆ شامێ)**(شەونم:٦٣). ئەم پەندە فشارێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە سەر تاك، بۆ ئەوەی لە ڕێبازی باوی کۆمەڵ لانەدات، تەنانەت ئەگەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵەکەش هەڵە بێت. بۆیە بەردەوامیدان بە هەندێك بیروباوەڕی کۆن لە پەندی کوردیدا، دەشێت ببێتە هۆکاری ڕێگریکردن لە نوێبوونەوە و گۆڕانکاری. لە بەرامبەردا، بەردەوامیدان بە هەندێك بابەتی وەك، پیاوسالاری، جیاکاری ڕەگەزی و چینایەتی، فشاری کۆمەڵایەتی و سنووردارکردنی ئازادی تاك. ئەمانەش لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە وەك لایەنێکی نەرێنی بەشێکی پەندی کوردی لێکدەدرێنەوە.

## ئەنجامەکان

١. هەندێک لە پەندەکان جگە لە خەیاڵی پوچ، هیچ سوود و زانیارییەکی ئەوتۆی تێدا بەدیناکرێت. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕۆشنبیری تاک دادەنێن.
٢. لە داڕشتنی بەشێك لە پەندە کوردییەکاندا، دژیەکی واتایی هەیە، بۆیە پەندەکان دژی یەکتر دەوەستنەوە. لەبەرئەوە مەرج نییە هەموو پەندێك بۆ هەموو سەردەمێك بگونجێت، بەڵکو هەندێک لە پەندەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر هۆشیاریی تاکی هاوچەرخ دادەنێن.
٣. بەشێک لە پەندە کوردییەکان جیاکاریی ڕەگەزی و چینایەتی کۆمەڵایەتی بە شتێکی سروشتی و نەگۆڕاو پیشان دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری سنووردارکردنی ئازادی تاك بە لایەنی نەرێنی پەندی کوردی دادەنرێت.
٤. وێنەی کلێشەیی لەناو بەشێکی زۆری پەندی کوردیدا دووبارەبۆتەوە، کە وێنەیەکی جێگیر و گشتگیر لە زەینی نەوەکانی داهاتوودا دەسازێنن. کە بە لایەنێکی نەرێنی زۆر کاریگەری پەندی کوردی لەسەر هۆشیاریی تاکی کورد دادەنرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز
**یەکەم: بە زمانی کوردی**
**أ. کتێب:**
1 . جوتیار، خالد (٢٠٠٥)، دەشتی هەولێر پەندو زاری شیرین، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

2. حسێن، هیمداد (٢٠٠٧)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

3. ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

4. سەجادی، عەلائەدین (١٣٩١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کوردستان.

5. ع.ع.شەونم، (٢٠٢٠)، فەرهەنگی کورد واتەنی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

6. کوردۆ، قەناتی (١٩٧٦)، کۆمەڵە تێکستێکی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

7. گەلاڵی، کوثر عزیز (٢٠١٣)، پەندەکانی دوێنێ ئاوێنەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆن، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

8. مەلا زادە، ڕێبوار محمد (٢٠٢١)، زانستی دەق لە ئەدەبدا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

9. مەنتك، د.حەمە (٢٠٢٦)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی دووەم، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

10. هەمزەیی، بەکر کانی (٢٠١٢)، پەندی پێشینان بە هۆنراوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

11. ئەبۆڤیان، خ (١٨٤٨)، کوردان، کۆواری قەفقاس، تبلیس.

**ب_ نامەی ئەکادیمی:**

١. احمد، عبدالباقی اکرام (٢٠١٢)، واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

٢. رسول، شێروان عثمان (٢٠١١)، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەنێوان یاساو نەریتدا لە کۆمەڵگەی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٣. سعدی، خدیجە رحمان (٢٠٢٣)، بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٤. صابر، هەژار لطیف (٢٠٢٣)، پەیوەندی جیاکاری جێندەری بەگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٥. محمد، سارا قادر (٢٠١٢)، توندوتیژی دژی ژنان لە درامای تەلەڤزیۆنی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

**ت_ گۆڤار:**

١. زرار، نەسرین قادر (٢٠١٤)، پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەبەر ڕۆشنایی پەندی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە.٣٢.

٢. ئیبراهیم، هیمداد ئەنوەر (٢٠٠٩)، ڕەنگدانەوەی کاری چاکە و خراپە لە پەندی پێشینانی کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژماری.٤٤.

٣. ئەحمەد، صافیە محەمەد (٢٠١٦)، کۆتبەندی ئایینی لە دارشتنی پەندی پێشینان، فاکەڵتی پەروەردەی ڕاپەرین، زانکۆی ڕاپەرین.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١. بركات و غسان، وائل و السيد (١٩٩٥)، مقدمة مناهج لا نقدية لتحليل الادبي، دار الاناء، دمشق.

٢. طه، د.هند حسين (١٩٨١)، النظرية النقدية عند العرب, عمان.

List of sources
The Holy Qur'an
First: In Kurdish
a. Book:

.١Jutyar, Khalid (2005), Dashti Erbil Pandu Zari Shirin, Roshnbiri Printing House, Erbil.

.٢Hussein, Himdad (2007), Gateway to New Kurdish Literary Criticism, Mukriani Publishing House, Erbil.

.٣Rasoul, Ezadin Mustafa (2010), Research in Kurdish Folklore Literature, Third Edition, Aras Publishing House, Erbil.

.٤Sajadi, Alaeddin (2012), History of Kurdish Literature, First Edition, Kurdistan Publications.

.٥A.A.Shawnam, (2020), Kurdish Dictionary, First Edition, Sulaimani.

.٦Kurdo, Qanati (1976), Kurdish Folklore Texts, Kurdish Information Society Printing House, Baghdad.

.٧Galali, Kuthar Aziz (2013), Yesterday's proverbs are a mirror of today's events, Shahab Printing House, Erbil.

.٨Mullah Zadeh, Rebwar Mohammed (2021), Text Science in Literature, Awer Publishing Center, Erbil.

.٩Mantak, D. Hama (2026), Methods of Literary Criticism, Second Edition, FAM Publishing House, Erbil.

.١٠Hamzaei, Bakr Kani (2012), Proverbs of the Ancients in Poetry, First Edition, Sulaimani.

.١١Abovian, K. (1848), Kurds, Caucasus Coast, Tbilisi.

b) Academic letter:

.١Ahmad, Abdulbaqi Akram (2012), Meaning and Purpose in Kurdish Proverbs, Master's Thesis, College of Education, Salahaddin University.

.٢Rasul, Sherwan Osman (2011), Social Control Between Law and Tradition in Kurdish Society, Master's Thesis, College of Arts, Salahaddin University.

.٣Saadi, Khadija Rahman (2023), Class Movement in Transitional Society, Master's Thesis, College of Arts, Salahaddin University.

.٤Saber, Hazhar Latif (2023), Relationship of Gender Discrimination to Social Development, Master's Thesis, College of Arts, Salahaddin University.

.٥Mohammed, Sara Qadir (2012), Violence against Women in Kurdish Television Drama, Master's Thesis, Faculty of Language, Salahaddin University.

T_ Magazine:

.١Zrar, Nasrin Qadir (2014), Social Position of Women in the Light of Kurdish Proverbs, Koya University Journal, No.

.٢Ibrahim, Himdad Anwar (2009), Reflection of good and evil deeds in Kurdish proverbs, Asoy Folklore Magazine, No.

.٣Ahmad, Safia Mohammed (2016), Religious Constraints in Drafting Proverbs, Raperin Faculty of Education, Raperin University.

Second, in Arabic

.١Barkat and Ghassan, Wael and Al-Sayed (1995), Introduction to the Non-Critical Curriculum for Literary Analysis, Dar Al-Ana, Damascus.
.٢Ta, D. Hind Hussein (1981), Critical Theory among the Arabs, Oman.